Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سیستەمی میدیایی و گرفتەکانی لە هەرێمی کوردستان دا

**م.د. بەهرۆز عەلی رەسوڵ**

**راوێژکار / سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ هەرێمی کوردستان.**

bahrozraswl@yahoo.com

## پوختە:

ئـەم توێژینەوەیـە دەریخسـتووە ژمـارەی کەناڵـی تەلەفزیۆنیـی و رادیۆیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی ناپێوسـت و ناهاوسـەنگ زیـادی کـردووە، کـە گـە یشـتۆتە زیاتـر لـە ( ٣٠٠ ) رادیـۆ و تەلەفزیـۆن و هەریەکەیـان خاوەنـی ماڵپـەڕی ئەلکترۆنیـی و میدیـای نوێـی تایبـەت بەخۆیانـن، لـەو ژمارەیـە، ٩٣٪ ی کەناڵـەکان پەخشـەکانییان لـە سـنووری پارێـزگا و قـەزاکان تێپەڕنـاکات و تەنهـا ٧٪ی کەناڵـەکان پەخشـییان سەرتاسـەریین، ئـەوەش ئاماژەیـە بـۆ بچووکیـی قەبـارەی دامـەزراوە میدیاییـەکان و نەبوونـی سـیفات و رەگـەزە کارگێرییـە دامەزراوەییـەکان لەنـاو پەیکـەری کەناڵەکانـدا، کـە کاریگەریـی درووسـتکردووە لەسـەر پەرتەوازوبوونـی گوتاریـی میدیایـی کوردسـتانیی، هـاوکات بـە پارتـە سیاسـییەکان و کەسـانی سیاسـیی نزیـک لـە پارتـە سیاسـییەکان رێـژەی ٥٦٪ی خاوەندارێتییـی میدیـا پێـک ئەهێنـن و لـە بەرامبـەردا حوکومـەت و لایەنـی فەرمیـی تەنهـا ٥٪ ی خاوەندارێتیـی کەناڵـەکان پێـک ئەهێنێـت، کـە هەمـوو ئەمانـە سـەلماندوویەتی سیسـتەمی میدیـا لـە کوردسـتان، رۆشـن نییـە و دووچـاری گرفتـی سـەرەکیی بۆتـەوە، لەلایەکـی تـرەوە زۆربـەی میدیـاکان بەبـێ بوونـی ئامانجـی گشـتیی و پلانـی میدیایـی دامەزرێـنراون، بۆیـە بارودۆخـی میدیایـی لـە هەرێمـی کوردسـتان پێوسـتیی بـە پێداچوونـەوە و چارەسـەری بنەڕەتیـی سیسـتەمەکەی هەیـە.

**کلیلە وشە ( گرفت. سیستەمی میدیایی. هەرێمی کوردستان)**

Recieved: 28/7/2024
Accepted: 27/8/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

سیستەمی میدیایی ڕەنگدانەوەی سیستەمی سیاسیی و حوکومڕانیی ئەو وڵاتەیە و لەباری نمر شارستانێتیی و ئاستی ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوە ئەگرێت، سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، کە لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ وەک قەوارەیەکی سیاسیی لە چوارچێوەی فیدراڵی بوونی هەیە، بۆتە خاوەن ژینگەیەکی میدیایی، کە بە دەیان کەناڵی ئاسمانیی و سەدان ڕادیۆی لۆکاڵیی و ژمارەیەکی زۆری چاپەمەنیی و دامەزراوەی میدیایی ئەلکترۆنیی تیدایە و بە شێوازی جۆراوجۆر و سیاسەتی میدیایی جیاواز خزمەتگوزاریی میدیایی پێشکەش ئەکەن، بەڵام بەهۆی کێشەی سیستەمی سیاسیی و گرفتە کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی تر، تا ئێستا نەتوانراوە سیستەمێکی میدیایی ڕۆشن و سیمادیار بونیاد بنرێت، کە ئەمەش بۆتە هۆی لێکەوتنەوەی چەندین کێشە و کەموکورتیی تر، لەبەر ئەم هۆیە پێوستە لە کێشەکانی سیستەمی میدیایی هەرێم بکۆڵرێتەوە، بە ئامانجی ڕێککردنەوە و بوونیادنانی سیستەمێکی میدیایی کامڵ و سیمادیار، کە بگونجێت لەگەڵ دۆخ و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی کوردستان.

## بەشی یەکەم (میتۆدنامە)

١- کێشەی توێژینەوەکە :

کێشەی ئەم توێژینەوەیە، چەخت لەوە ئەکاتەوە لە هەرێمی کوردستان بەبێ ڕەچاوکردنی ئامانجی گشتیی و ئاستی پێداوستی خزمەتگوزارییە میدیاییەکان، ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی میدیایی هەن،کە لە ڕووی چەندێتییەوە جۆرێک لە ناهاوسەنگیی درووست کردووە، چونکە ئەم ژمارەیە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی هەریمی کوردستان و سنووری جوگرافیاکەی نایەتەوە یەک، هاوکات زۆربەی کەناڵەکان لە ڕووی کارگێڕییەوە سیفات و فاکتەکانی دامەزراوە و دەستگاییان تێدا نییە و لە ڕووی خاوەندارییشەوە، ناهاوسەنگیی بەدی ئەکرێت، چونکە زۆربەی کەناڵەکان خاوەندارێتییان بۆ پارتە سیاسییەکان و کەسانی نزیکی بەرپرسە باڵاکان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک کەمترین کەناڵ سەر بە حوکومەت و لایەنی فەرمییە، بە واتە لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەی میدیای نیشتمانیی نییە، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پەرتەوازەبوونی گوتاری میدیایی کوردستانیی، هۆکاری سەرەکیی ئەم گرفتەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاخود نارێکی سیستەمی میدیایی لە کوردستان، بۆیە لە ڕوانگەی هەستکردن بەم گرفتە، توێژەر تایتڵی توێژینەوەکەی سەبارەت بەم کێشەیە دەستنیشان کردووە و پرسیاری توێژینەوەکەی لای درووست بووە، کە ئەمانەن:

١- ئایا لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی میدیایی ڕون و ئاشکرا هەیە ؟

٢ – گرفتە سەرەکییەکانی سیستەمی میدیا لە هەرێمی کوردستان کامانەن؟

٣- خاوەندارێتیی دامەزراوەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان بۆ کێ ئەگەڕێنەوە؟

٤- کام لەتێۆرییەکانی تایبەت بە سیستەمی میدیایی وەک تێۆرەکانی (دەسەڵات، لیبراڵیی، لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتیی، بەشداریی دیموکراسیی، پەرەپێدان ) بەسەر دۆخی میدیایی لە هەرێم پراکتیزە ئەکرێ؟

٥- پێوستە چۆن وبەچ میکانیزمێک سیستمەێکی میدیایی ڕۆشن و گونجاو لە هەرێمی کوردستان بوونیاد بنرێت؟

هەروەها توێژینەوەکە، چەند گرنگییەکی هەیە لەوانە:

١- یەکەم توێژینەوەیە لەو بواردەدا ئەنجام بدرێت.

٢- ئەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران، کە ئەتوانن لە چوارچێوەی توێژینەوەی پێشوو بەکاری بهێنن.

٣- سوودی ئەبێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار، بۆئەوەی بکرێتە بەشێک لە ستراتیژی ڕێکخستنەوە و بوونیادنانی سیستەمی

میدیایی لە هەرێمی کوردستان.

هاوکات توێژەر بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەکەی، سوودی لە چەند توێژینەوەیەکی پێشووتر وەرگرتووە لەوانە:

١- توێژینەوەی سامی الشریف، بەناونیشانی ( المشهد الاعلامي المصري بعد ثورتيين: الواقع و المأمول) توێژەوەر لە توێژینەوەکەی دا تیشکی خستۆتە سەر گرفتەکانی سیستەمی میدیایی لە وڵاتی میسر لە رووی خاوەندارێتیی و بەرتەسککردنەوەی ئازادی رادەربڕین و پاشەکشەی کەناڵە فەرمییەکانی سەر بە حوکومەت لە بەرامبەر میدیای کەرتی تایبەت و پارتە سیاسییەکان، بەتایبەتیش لە رووی زۆری ژمارەی کەناڵەکان، کە بەکەناڵە فەرمیی و تایبەتەکان گەیشتۆتە ١٢٤ کەناڵی تەلەفزیۆنیی و سەدان ئێستگەی رادیۆیی و٤٠ رۆژنامەی کاغەزیی سەر بە دەوڵەت و دەیان رۆژنامەی تری حزبیی و کەرتی تایبەت، کە ئەمەش بۆتە خوڵقاندنی بێسەرووبەریی میدیایی لەو وڵاتە بەتایبەتی لە رووی زاڵبوونی بابەتی ریکلام و ئاگاداری بازرگانیی بەسەر ناوەرۆکی بابەتە میدیاییەکان، هەر لە توێژینەوەکەدا هەندێک چارەسەر بۆگرفتەکان خراوەتەڕوو، گرنگترینیان بریتییە لە داڕشتنەوە و دانانی ستراتیژێکی نوێی میدیایی لەسەر بنەمای کۆتاییهێنان بە سیستمێکی میدیایی کۆنترۆڵکراو لە لایەن دەسەڵاتەوە، لەگەڵ سنووردارکردنی هەڵاوسانی ژمارەی کەناڵەکانی میدیا و داڕشتنەوەی یاسای میدیایی و رۆژنامەگەریی، بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ ئازادیی و رەچاوکردنی لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتیی.

٢- توێژینەوەی سامیة أحمد هاشم، بەناونیشانی (انعکاسات البيئة الاعلامية على قائم بالاتصال. دراسة فی تجربة انتقال مرکز تلفزيون الشرق الاوسط من لندن الى مدينة دبي للاعلام) کێشەی توێژینەوەکە لەبەر رۆشنایی تێۆرییەکانی میدییا دیاریکراوە، بەتایبەتی لەو رووەوە، کە ئامرازەکانی میدیا وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیی، هاوشانی سیستەمەکانی تر، پەیوەستکراوە بە راییکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتیی، هەروەها ئاماژەی بەچۆنێتیی پراکتیزەکردنی تیۆرییەکانی میدییا کردوە، لە رێگای شرۆڤەکردنی ئەو نموونانەی پەیوەندییان بە گۆڕاوە ژینگەییەکان هەیە، وەک پەیوەندی نێوان سرووشتی سیستەمی میدیا و مەودای سەقامگیریی ئەو گۆڕدراوانەی، کە لەدەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی گشتییەوە دەرئەچن، لە کۆتایی توێژینەوەکەش دا ئاماژەی بەو راستییە کردووە: لێکۆڵینەوە لە سیستەمی گشتیی میدیایی و دیاردەی میدیایی، زۆر پێویستە، چونکە دامەزراوەی میدیایی رەگەزێکی بەهێزی پێکهێنانی پێکهاتەی گەیاندنە و ئەرک و ئامجی گشتیی و تایبەتیی خۆی هەیە.

٣- توێژینەوەی راغب جابر، بەناونیشانی (الصحافة المطبوعة في لبنان من المشروع الوطني الى المشاريع الفئوية) لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی بەرێگای تێبینی کەسیی و شیکاری ناوەرۆک، بە هەردوو جۆری چەندێتیی و چۆنێتیی بەکارهێنراوە، بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەکەش رۆژنامەگەریی و چاپەمەنیی لوبنانیی وەک کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەستنیشان کردووە و لەناویشیدا هەردوو رۆژنامەی (السفير) و ( النهار) ی وەک سامپڵ دیاریکردووە، لە توێژینەوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە رۆژنامەگەریی لوبنان بەهۆی خاوەندارێتییکردنیان لەلایەن کەسانی سەرمایەداری نزیک لە دەسەڵاتی ناوخۆیی و دەرەکییەوە، نەیانتوانیووە ئازاد بن، لەبەر ئەو هۆیەشە نوێنەرایەتیی راستەقینەی نەتەوەی لوبنان ناکەن، بەڵکو لە پڕۆژەی نیشتمانییەوە بوون بە پڕۆژەی دەستە و گرووپی بەرژەوەندییخوازی نزیک لە دەسەڵات، ئەمەش وایکردووە رۆژنامەگەریی لوبنان بەپلەی یەکەم مۆرکی تایەفەگەرایی و بە پلەی دووەم مۆرکی مەزهەبگەرایی وەربگرێت.

هەروەها توێژینەوەکە، لەم روانەوە سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە؛

داڕشتنی خشتەکان.

داڕشتنەوەی پرسیار و ئامانجی توێژینەوەكە.

دیاریكردنی جۆر و میتۆد و ئامرازەكانی توێژینەوەكە.

٢- ئامانجی توێژینەوەكە.

١- خستنەرووی زانیاریی دەربارەی شێوازی سیستەمی میدیایی وكەموكوورتی ونارێكییەكانی دیاردەی میدیایی، لە هەرێمی كوردستان.

٢-ئاشكراكردنی خاوەندارێتیی دامەزراوە و كەناڵە میدیاییەكانی هەرێمی كوردستان .

٣-ئاشكراكردنی هێڵی پەیوەندی نێوان ئەركەكانی میدیا و بەرجەستەكردنی لەلایەن كەناڵەكان.

٤- خستنەڕووی ئاستی گرفت و كاریگەرییەكانی نارێكی سیستەمی میدیایی لە هەرێمی كوردستان.

٥- هەوڵدانێكە بۆ چارەسەركردنی رێكخستنەوەی سیستەمی میدیایی لە هەرێمی كوردستان.

٣- رێكارەكانی توێژینەوەكە.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی وەسفییە، هەوڵیداوە وەسفی بارودۆخی ژینگە و سیستەمی میدیایی لە هەرێمی كوردستان بكات، بەرێگای لێكۆلینەوە لە بارودۆخی دامەزراوە میدیاییەكانی هەرێمی كوردستان لە رووی چەندێتیی و چۆنێتییەوە، لەگەڵ ئاشكراكردنی لایەن و ڕەهەندە جۆراوجۆرەكانی دیاردەی میدیایی لە سنووری توێژینەوەكەدا، بەئامانجی دەرخستنی گرفتەكانی سیستەمی میدیایی لە هەرێمی كوردستان و هۆكارەكانی درووستبوونی كێشەكە و دواتر خستنەڕووی چارەسەرەكان بۆی. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەی بارودۆخ case study دائەنریت، چونكە شرۆڤەی بارودۆخی میدیایی هەرێمی كوردستانی كردووە، سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەكە، میتۆدی رووپێویی گیراوەتەبەر و رووپێویی سەرجەم ئەو ئامرازە میدیاییە (بینراو و بیسراو و چاپەمەنییانە) ی كردوە، كەمۆڵەتی كاركردنیان هەیە و شوێنی كاركردنیان دیارە، سەرباری ئەوەش میتۆدی (تێبینی كەسیی) بەكارهێنراوە، كە میتۆدێكی ئەزموونییە و بۆ بەجێهێنانی توێژینەوەی میدیایی بەكاردێت و بریتییە لە تێبینییەكانی توێژەر بە پشتبەستن بە تێبینی كەسانی تری پسپۆر لەو بوارەدا، هاوكات ئامرزی شیكردنەوەی بارودۆخ بەكارهاتووە، كە وەك ئامرازی توێژینەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و داتاكان و شیكردنەوەی لایەنی دەرەكی و ناوەكی دیاردەی میدیایی بەشێوەی چەندێتی و چۆنێتیی بەكاردێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم (یەكانە) وەك ئامرازی شیكردنەوەكە، بەكارهاتوون، كە بریتین لە:

١- یەكەی ژمارە و ئاماری ئامرازەكانی میدیا لە هەرێمی كوردستان، وەك (كەناڵە ئاسمانییەكان، تەلەفزیۆنە ناوخۆكان، رادیۆكان، رۆژنامەی رۆژانە و هەفتەنامەی چاپكراو)

٢- یەكەی بابەت، كە بریتین لە بابەتەكانی شیكردنەوەی كێشەی سیستەمی میدیایی لە هەرێمی كوردستان وەك (جۆری خاوەندارێتیی كەناڵەكان، تایبەتمەندێتیی كەناڵەكان، ئاست و قەبارەی كەناڵەكان)

٣- یەكەی بۆچوون: ئەم توێژینەوەیە سوودی لە بۆچوونەكانیHaliin and Mancini) (وەرگرتووە بۆ دیاریكردنی ئامرازی تویژینەوەكەی، كە وەك یەكەی بۆچوون، بۆتوێژینەوەی سیستەمی میدیایی بەكاردێت و لەسەر چوار ئاست شیكردنەوە بۆ سیستەمی میدیایی ئەكات ئەوانیش بریتین لە (بنچینەی بازاڕگەرایی میدیاMedia Mrket structher، پیشەییبوون Professionalization، هاوسەنگی سیاسیی، Political parallelism، رۆڵی دەوڵەت The Role of the State) ( الحمامي،٢٠٠٧: ٥٣ )

بۆ جێگیركردن و چەسپاندنی راستگۆیی توێژینەوەكەش، پەنا براوەتە بەر فۆرمی شیكاریی سێستەم (System analisis) بە ئامانجی پێوانەكردنی مەودای راستیی روڵەتیی (Face Validity) بە مەبەستی كۆكردنەوەی زانیاریی و

داتـای نـاو کۆمەڵـگای توێژینەوەکـە، کـە بریتییـە لـە ژینگـەی میدیایـی سـنووری هەرێمـی کوردسـتان، هەروەهـا سـامپڵی توێژینەوەکـەش، پێکدێـت لـە ئامرازەکانـی میدیـای بیـنراو و بیـسراو و رۆژنامـە و هەفتەنامـەی چاپکـراو، کـە لـە رووی خاوەندارێتیـی و سـنووری پەخـش و جـۆری تایبەتمەندییـان دیـارن و تۆمارکـراون. هـۆکار و بیانـووی دیاریکردنـی کۆمەڵـگا و سـامپڵەکان ئەگەڕێتـەوە بـۆ :

١-ئەم کەناڵانە تۆمارکراون و خاوەندارێتییان دیارە.

٢- بارەگای سەرەکییان لە هەرێمی کوردستانە.

٣- زۆربەیان پێگەی ئەلکترۆنیی و میدیای نوێی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.

هەروەهـا سـەبارەت بـە سـنووری توێژینەوەکـە، پارێزگاکانـی هەرێمـی کوردسـتان سـنووری توێژینەوەکـە پێـک ئەهێنێـت، بـە پوختیـی ئـەو کەنـاڵ و دامـەزراوە میدیاییانـە ئەگرێتـەوە، کـە پەخـش و بڵاوکردنەوەکانیـان لەنـاو سـنووری هەرێمـی کوردسـتان دایـە و لـە لایـەن هەرێمـەوە مۆڵەتـی کارکردنیـان پـێ دراوە.

بەشی دووەم ( لایەنی تیۆریی)

ئـەم بەشـە تایبـەت کـراوە بـە خسـتەڕووی چەمـک و پێناسـەی سیسـتەمی میدیایـی، ئایا مەبەسـت چییـە لـە سیسـتەمی میدیایـی؟ رەگـەز و پێکهاتەکانـی سیسـتەمی میدیایـی چییـن و جۆرەکانـی کامانـەن؟ کـە لەسـەر ئاسـتی جیهـان بـە پێـی قۆناغـە مێژووییـەکان پەیـرەو کـراون.

سیسـتەمی میدیایـی بریتییـە لە کۆمەڵێـک کارلێکی ئامرازەکانـی میدیا، لەناو کۆمەڵی نیشـتیمانیی دیاریکـراو،(McQuail,٢٠١٠ :٢٢٠) لەلایەکـی تـرەوە توێـژەران کۆکـن لەسـەر ئـەوەی سیسـتەمی میدیـا، رەنگدانـەوەی ئاڵوگۆڕیەکانـی مێـژوو و سیسـتەمە سیاسـییەکان و شـێواز و جـۆری یاسـا و پەیکـەری ئابووریـی ئـەو کۆمەڵگایەیـە، کـە تیایەتـی ( Downing,١٩٩٦:٦١)هـاوکات سیسـتەمی میدیـا زیاتـر ئاماژەیـە بـۆ پێنـج رەهەنـدی فەلسـەفیی کەئەمانـەن :-

١-کۆمەڵێك بنەمای هزریی .

٢-سیاسەتی میدیایی مەبەست لێی ( ستراتیژ یاخود ئامانجی گشتیی) .

٣-چوارچێوەی یاسایی بۆ چەسپاندنی فەلسەفەی میدیایی دیاریکراو .

٤-ژینگەی سەرەکی میدیا (تەکنەلۆژیای گەیاندن، سەرچاوەی مرۆیی، توانای دارایی) .

٥-ئەزموونکردنی میدیا لەباری واقعدا .(یوسف،٢٠٠٦ ؛ ٣٩)

کەواتـە بـەو پێیـەی سیسـتەمی میدیـا لـە هـەر کۆمەڵگایەکـدا، رەنگدانـەوەی سیسـتەمی سیاسـیی و حکومڕانـی ئـەو وڵاتەیـە، ئـەوا لەبـاری رۆشـنبیریی و نمـرەی شارسـتانیی ئـەو کۆمەڵگایـەوە، کاریگەریـی وەرئەگرێـت، بـۆ نموونـە لـە روانگـە مێژووییەکەیـەوە لەسـەر ئاسـتی جیهـان، سیسـتەمی میدیـا لـە دوای جەنگـی جیهانـی دووەم، بـە گوێـرەی سیسـتەمی سیاسـیی نێودەوڵەتـی ئـەو دەمـە، کـە بـە سیسـتەمی (جەنگـی سـارد) نـاسراوە، دابەشـکرا بـۆ دوو جـۆر سیسـتەم:-

- یەکەم: سیستەمی میدیایی ڕۆژئاوا ( لیبراڵی)

وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـە پلـەی یەکـەم، نوێنەرایەتـی ئـەم سیسـتەمە ئـەکات و بەدوایـدا وڵاتانـی ئەورووپـای رۆژئـاوا و کەنـەدا دێـن و هەروەهـا وڵاتانـی یابـان و ئوسـترالیا، شـوینکەوتووی ئـەم سیسـتەمەبوون و هەندێـك لـە وڵاتانـی تـازە پێگەیشـتووش تـا رادەیـەك پەیـڕەوی سیستەمی لیبراڵیەیـان ئەکـرد، بەپێـی ئـەم سیسـتەمە تـاك و کەرتـی تایبـەت مافـی ئەوەیـان هەیـە بـبن بـە خاوەنـی کەناڵـی تایبەتیـی میدیـا و هییـچ سانسـۆرێك لەبەردەمیـان نییـە بـۆ دامەزراندنـی کەناڵـی میدیایـی و جاپەمەنیـی، ئـەوەش لـە ڕوانگـەی سیسـتەمی سیاسـیی دیموکراسـیی و بـازاڕی ئـازاد و

سـەرمایەداریی مۆدێـرن هاتۆتـە ئـاراوە، چونکـە کەناڵـی میدیـا بـۆ خـۆ بژێویـی و قازانـج، سـوود لـە فرۆشـتن و ڕیـکلام و ئاگاداریـیـەکان وەرئەگرێـت .

_ دووەم : سیستەمی میدیایی رۆژهەڵاتی (دەسەڵاتخوازیی)

یەکیەتـی سـۆڤیەتی پێشـوو بـە پلـەی یەکـەم نوێنەرایەتـی ئـەم سیسـتمەی ئەکـرد و بـە دوایـدا وڵاتانـی ئەورووپـای رۆژهـەڵات و وڵاتـە دیکتاتۆرییەکانـی جیهانـی سـێهەم و دواکەوتـووەکان، پەیـڕەوی ئـەم سیسـتەمەیان ئەکـرد، کـە لـە بنەمـادا فەلسـەفەی (مارکـس- لینیـن) پێکهێنـەری سیسـتەمی میدیایـی دەسـەڵاتخوازیی سـۆڤێتیی بـوون، ئەرکـی سیسـتەمی میدیـای سـۆڤێتیی رەخنەگرتـن بـوو لـە سیسـتەمی سیاسـیی لیبراڵـیی سـەرمایەداریی، کـە بوونیادەکـەی لەلایـەن تێـزی رژێمـی سیاسـیی سۆسیالیسـتی، دارێـژراوە، چونکـە پێیـان وابـوو کەناڵەکانـی میدیـا چەکێکـی ئایدیۆلۆژیـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجـە سیاسـییەکان، بۆیـە پێویسـتە کەناڵەکانـی میدیـا سـەر بـە دەوڵـەت و حکومـەت و حزبـی فەرمانـڕەوا بێـت، تاوەکـو بـە ئاسـانیی رژێمـی فەرمانـڕەوا چاودێریـی و سانسـۆر بخاتـە سـەر سـەرجەم ئـەو بابەتانـەی بڵاوئەکرێنـەوە، کـە ئامانـج لێـی ڕەخنەگرتنـە لـە دوژمنـی حکومڕانـەکان و پاڵپشـتیکردنی فەرمانـڕەوا، بـە مانایەکـی تـر میدیـا زیاتـر دوو ئەرکـی بەرچەسـتە ئەکـرد، ئەرکـی پاڵپشـتیکردنی دەوڵـەت و دەسـەڵات و حزبـی فەرمانـرەوا، لەگـەڵ دژایەتییکردنـی نەیارەکانـی دەوڵـەت (هەمـان سـەرچاوە:٤٨) سـەرباری ئـەوە، سیسـتەمی میدیـا بـۆ دوو چەشـنی تـر دابەشـکراوە، کـە ئەویـش زیاتـر لەسـەر بنەمـای دابەشـبوونەکەی تـر کاریگـەری وەرگرتـووە، بـەڵام بەهـۆی هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتـی سـۆڤیەتی پێشـوو و کۆتایـی هاتنـی سیسـتەمی دوو جەمسـەریی، کەبە(جەنگـی سـارد) ناسرابـوو و دواتـر لـە جێگـەی ئـەو سیسـتەمە، سیسـتەمی (نوێـی جیهانیـی) هاتـە کایـەوە، بۆیـە سیسـتەمی میدیایـی جارێکـی تـر و لەفۆڕمێکـی تـردا بـەم جـۆرە شـکڵی گـرت:-

١- سیستەمی میدیایی دەسەڵاتخوازیی .

٢-سیستەمی میدیایی دیموکراسیی (ابوزید،١٩٩١ : ١٥٦)

هەروەهـا بـە پێـی تێڕوانینەکانـی زانایانـی بـواری میدیـا و گەیانـدن هەریـەک لـە (فریـد سـیبرد ، تیـودۆر پیترسـۆن، ویلبـەر شرام) کۆمەڵێـک نموونـە تایبـەت بـە سیسـتەمی میدیایـی دیاریـکران، کـە ئەمانـەن :

١- نموونەی دەسڵاتگەرایی: ئامرزاەکانی میدیا کار ئەکەن بۆ خستنەڕووی سیاسەتی گشتیی دەسەڵات.

٢- نموونـەی ئازادیـی : ئامانجـی ئامرازەکانـی میدیـا پێشکەشـکردنی زانیاریـی و کات بەسـەربردنە، کـە هێـزی ئابووریـی نـا حکومیـی خاوەنداریتییـان ئـەکات.

٣- نموونـەی لێپرسراوێتـی کۆمەڵایەتیـی :ئامرازەکانـی میدیـا کارئەکـەن بـۆ گەیانـدن و دەسـتەبەرکردنی زانیاریـی و کات بەسـەربردن بـۆ جەمـاوەر، بـەڵام بـە رەچاوکردنـی هەندێـک داب و نەرێتـی کۆمەڵایەتیـی، بـە ئامانجـی چارەسـەرکردنییان. (ریتـش و کوزمـان، ت : سـید امبـابي، ٢٠٢٢ :١٧) ئـەم نموونانـە بـە پێـی مۆدێلـە باوەکانـی پێشـوو پۆلین کـراون، بەڵام لـە دنیای ئیسـتادا بـە گوێـرەی بۆچوونەکانـی (Halin and Mancine) چەنـد نموونەیەکـی تـری سیسـتەمی میدیایـی دەستنیشـانکراون لەوانـە:

- نموونـەی فـرە جەمسـەریی، یـان ناوەندیـی (Mediterranean or Polarized Pluralidt Model ) کـە لـە وڵاتانـی فەرەنسـا و پورتـوگال و ئیتاڵیـا و ئیسـپانیا بـاوە، ئـەم نموونانـە بـە دەسـتوەردانی سیاسـیی جیـا ئەکرێنـەوە، بەتایبەتـی ئـەو رۆژنامانـەی زیاتـر رای گشـتیی درووسـت ئەکـەن، کـە کەمووکورتـی پیشـەیی و بابەتیبوونیـان هەیـە، چونکـە دەوڵـەت لەرێـی هاوکاریـی مادییـەوە دەسـت ئەخاتـە ناوییـان.

- نموونــەی دیمووکراســیی دامەزراوەیــی(Democraratic Corporatistist Model) ئــەم مۆدیلــە زیاتــر لــە وڵاتانــی ئەوروپــای باکــور و ناوەراســت پەیــرەو ئەکرێــت، کــە جیــا ئەکریتــەوە بــە میدیایەکــی بەهێــز و تۆکمــە و دەوڵــەت ئازادیــی بــۆ فەراهــەم کــردوون، تەنانــەت ئــازادی بــۆ ئــەو تەلەفزیــۆن و ئیســتگە رادیۆییــە نیشــتمانیانەش دەســتەبەر کــردووە، کــە دەوڵــەت خاوەندارێتییــان ئــەکات، هەروەهــا ئــەم مۆدێلــە بــە سیســتەمێکی میدیایــی پتــەو و ئــازاد و پیشــەیی و بابەتیبــوون ئەناسرێتــەوە، لەگــەڵ بوونــی میدیــای کەرتــی تایبــەت و بازرگانــی ســەر بەخــۆ.

- نموونــەی لیبرالیــی، ئەتلەنتیکــی (North Commercial or Liberal Model) (ئــەم مۆدێلــە لــە ئەمریــکا و کەنــەدا و ئینگلترا و ئایرلەنــدا پەیــڕەو ئەکرێــت، کــە بــە پێشــەیی و بێلایەنــی و ســەر بەخۆیــی ئەناسرێــت، بــە جۆرێــک خاوەندارێتــی ڕۆژنامــەکان بــۆ کەرتــی تایبــەت ئەگەرێتــەوە، بــەڵام بــە پلەیەکــی بــاڵا هەســت بــە پیشــەیی و بابەتیبــوون و خــود کۆنترۆڵــی ئەکرێــت لــە مامەڵەکردنیــان لــە ڕووماڵــی بابەتەکانییــان دا، بــە ڕەچاوکردنــی لۆژیکــی بازارگەرایــی و لێپرسراوێتیــی پیشــەیی (الحمامي، ٢٠١٧ : ٦٢) .

هەرســەبارەت بــە سیســتەمی میدیایــی، ژمارەیــەک (تیۆریــی) بەتایبەتــی لــە ڕووی جــۆری خاوەندارێتیکــردن و ئەرکەکانــی میدیــا، ســەریان هەڵــدا، کــە ئەمانــەن :-

١- تیــۆری دەســەڵات : ئــەم تیۆرییــە لــەڕووی مێژوییــەوە لەســەدەی شــانزەیەم لــە ئینگلتــەرا دەرکەووتــوە، کــە پشــتی بەســتووە بــە بنەمــا فەلســەفیەکانی ئەفلاتــون و مایکاڤیلیــی، لایەنگرانــی ئــەم تیۆرییــە پێیــان وایــە (گــەل) شــیاوی ئەوەنییــە بەرپرســیارێتی حوکومڕانــی هەڵبگرێــت و کاروبــاری دەوڵــەت و جڵــەوی دەســەڵات بگرێتەدەســت، بەڵکــو ئەبێــت دەســەڵات لەلایــەن کۆمەڵــە کەســانێکی دیاریکــراو، کــە خاوەنــی هێــزی جــۆراو جــۆرن حوکومڕانیــی دەوڵــەت و کۆمەڵــگا بگرنەدەســت، بۆیــە هــەروەك چــۆن دەســەڵات خاوەنــی بوارەکانــی تــری وەك: هێــز و یاســا و ئامــرازی فەرمانڕوایکــردن و ئابوورییــە، بــە هەمــان شــێوە خاوەنــی کەناڵەکانــی ڕاگەیاندنــە، تاوەکــو میدیــاش بکاتــە ئامرازێــك بــۆ بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی، کــە بــە گوێــرەی ئــەو تێۆرییــە تەنهــا حوکومــەت و دەســەڵات مافــی خاوەندارێەتــی کەناڵەکانــی میدیایــان هەیــە و مافــی ئــەوەی هەیــە چاودێریــی بخاتــە ســەر میدیــا و بڵاوکراوەکان، میدیا مافــی ئــەوەی نییــە ڕەخنــە لــە دەســەڵات بگرێــت و چاودێریــی بــکات، بەڵکــو ئەرکیەتــی بــە تەواوەتیــی لــە خزمەتــی ئایدۆلۆژیــا و ئاســتەکانی تــری حوکومڕانــیدا بــن، لەگــەڵ بوونــی یاســای ســزادانی جۆراوجــۆری وەك ئەشــکەنجەی دەروونیــی و مادیــی ڕۆژنامەنووســان.

٢- تیــۆری ئــازادی (لیبراڵــی) : تیــۆری لیبراڵیــی بــە پێچەوانــەی تیــۆری دەســەڵاتەوەیە، لایەنگرانــی ئــەم تیۆریــە پێیــان وایــە نابێــت هیــچ بەربەســتێك لەبــەردەم ئازادیــی کاری ڕۆژنامەوانیــی هەبێــت، ئــەم تێۆرییــە لــە ڕووی مێژووییــەوە ئەگەڕێتــەوە بــۆ دوای شۆڕشــی فەڕەنســا لەســاڵی ١٧٨٩ ، کــە بنەمــا و ناوەڕۆکەکــەی پشــت ئەبەســتێت بــە فەلســەفە و بیــری بیرمەندانــی ڕۆژئاوایــی وەك : ئــادەم ســمیس و جــۆن لــۆك و دیــکارت و لامــارك، پوختــەی ئــەم تیۆریــە و بنەمــا فەلســەفییەکەی ئەوەیــە: مــرۆڤ بوونەوەرێکــە عەقــڵ هەڵــی ئەســوڕێنێت نــەك ســۆز، کــە سرووشــتی عەقــڵ ئــەوە یــە بــەدوای ڕاســتییدا بگەڕێــت، ئــەوەش ئەبێــت بــە هــۆی ئــەوەی یاســاکان لــە ســەرچاوەی سرووشــت و دۆخــی واقیعیبــوون وەربگیرێــت، نــەك لەدەقــی نادیــار و نەنــاسرا و هەســت پــێ نەکــراو، هەروەهــا فەرمانــڕەوا مافــی ئــەوەی نییــە بەهییــچ شــێوەیەك هیــچ یاســا و ئاســتەنگێك بەســەر وشــە و وتــەی خەڵــك بســەپێنێت، نابێــت هیــچ ســنوورێك لــەڕووی موڵکداریــی و ئابوورییــەوە بــۆ ڕۆژنامــە و میدیــا دابنرێت.(مشــارقة،٢٠٠٢ : ٧٤) ســەرهەڵدانی تیــۆری ئــازادی (لیبراڵــی) هاوکاتــە لەگــەڵ ســەردەمی ســەر هەڵدانــی ســەرمایەداریی و بــازاڕی ئــازاد و کێبڕکێــی ئازادیــی و مافــی تــاك و بەرهەمهێنــان و دەوڵەمەندبــوون و قازانــج و بردنــەوە (علــم الدیــن، ٢٠٠٨ : ١٦٤) گرنگتریــن ســیماکانی ئــەم تیۆرییــە

بریتییـن لـە (رزگاربـوون لەچاودێریـی کـردن لەلایـەن دەسـەڵات، تـاك مافـی خاوەندارێتیـی کەناڵـی ڕاگەیاندنـی هەیـە، رۆژنامەنـووس و میدیـاکان بـێ سـنوور مافـی بڵاوکردنـەوەی هەموجـۆرە هـەواڵ وبابەتێکـی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و فەرهەنگیـی هەیـە ، میدیـا مافـی رەخنەگرتنـی لـە دەسـەڵات و ئاییـن و خێـزان و تـاك و کۆمـەڵ هەیـە، جەخـت لەسـەر مـاددە و قازانـج و ئازادیـی ئابووریـی بەهەمـوو چەشـنەکانیەوە ئەکاتەوە).(شـاکر، ٢٠١٥: ٤٤ )

٣- تیـۆری بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتیـی :لـە ئەنجامـی ئـەو سـکاڵاو ڕەخنانـەی، کـە لـە تیـۆری ڕاگەیاندنـی ئـازاد (لیـبراڵ) گیـرا بەنـاوی ئـەوەی میدیـا و ڕۆژنامەنووسـیی ڕەوشـی کۆمەڵگایـان گەنـدەڵ کـردوە و بەهـا کۆمەڵایەتیەکانییـان شـێواندوە و لـە روویەکـی تـرەوە ئـازادی بـازاڕ و بەرهەمهێنـان بەتەواوەتـی کۆمەڵـگای کردبـوو بـە دووبەشـەوە، چینـی دەوڵەمەنـدان و چینـی هـەژاران، کـە میدیـا ڕۆڵێکـی گرنگـی ئەگێـڕا لـە پێنـاوی قازانجـی سـەرمایەداران و لـەوەش ئەولاتـر سـەرمایەداران خۆیـان بوونـە خاوەنـی دەزگاکانـی میدیـا و رۆژنامـەکان، بۆیـە هەمـوو ئـەو ئامرازانەیـان لەپێنـاوی قازانجـدا بـەکاری ئەهێنـا، بـێ گوێدانـە بەهـا و نەریتـە کۆمەڵایەتیـی و تایبەتمەندییەکانـی تـاك و خێـزان و ئاییـن، لـەو کاتانـەدا لـە وڵاتانـی ئەورووپـا و رۆژئـاوا هەوڵـدرا سـنوورێك بـۆ ئـازادی رەهـا دابنرێـت و دەوڵـەت لەپێنـاو کۆمەڵـگای خۆشـگوزەرانیی و رەخسـاندنی چینـی ناوەڕاسـت، بـە پێـی یاسـا و دەسـتور، دەسـتێکی کـەم وەربداتـە بـازاڕ و بـاج و خـەراج لەسـەر سـەرمایەداران و کارگـە و کۆمپانیـاکان دابنێـت و بەشـێك لەدەسـکەوت و قازانجـی سـەرمایەداران بـۆ دابینکردنیـی پێداویسـتیەکانی دەوڵـەت و بیمـەی بێکاریـی خـەرج بـکات، هـاوکات بـە پێـی یاسـا تاڕادەیـەك مـاف و سـەروەریی بـۆ تـاك و ئاییـن و شـوێنە پیـرۆزەکان دابنرێـت، دواتـر هەمـوو ئەمانـە کاریگـەری کـردە سـەر میدیـا و رۆژنامـەکان، بـە جۆرێـک لـە پێنـاوی سـوود و بەرژەوەنـدی گشـتیی، لـە بەشـێك لـەو ئازادیـە رەهایـەی هەیـان بـوو پاشەکشـە بکـەن، ئـەوەش بـەدوای خۆیـدا ئەودەسـتەواژەی هێنایـە ئـاراوە (نووسـین و کاری میدیایـی بەرپرسـیارییە، نـەك بابەتێکـی خـودی رەهـا) لایەنگرانـی ئـەم تیۆریـە جەخـت لـەوە ئەکەنـەوە ئازادیـی مـەرج و مافـی بنەڕەتـی مـرۆڤ رۆژنامەگەرییـە، بـەڵام نابێـت بگاتـە ئـەو ئەندازەیـەی سـنووری مرۆڤـی تـر ببەزێنێـت، بۆیـە ئەبێـت بەیاسـا ئـازادی بپارێزرێـت (أبوزیـد، ١٩٩١ : ١٦١) لـە سـیما دیارەکانـی ئـەم تیۆریـە:( رۆژنامەگەریـی و دەزگاکانـی میدیـا خـودی نیـن بەڵکـو بابەتییـن، وشـیارکردنەوەی ئـەو میدیایانـەی، کـە لـە بەهـاو ڕەوشـتی کۆمەڵایەتیـی لا ئـەدەن، پابەندبـوون بەکۆمەڵێـك پەیماننامـەی رەوشـتیی، پاراسـتنی هاوسـەنگیی لەنێـوان ئازادیـی رەهـا و بەرژەوەنـدی گشـتیی دا، پارێزگارییکـردن لەسـەر سیسـتەمی سیاسـیی، کـە لەسـەری رێككەووتـون، پێویسـتە میدیـاکاران دووربکەونـەوە لـە بڵاوکردنـەوەی هەندێـك بابـەت کـە ئەبێـت بـە هـۆی کردنـی تـاوان و ڕق و کینـە لـە وروژاندنـی بابەتـی کۆمەڵایەتیـی و دەسـتدرێژیی سێکسـیی و تاوانـی تـر (علـم الدیـن، ٢٠٠٨ :١٦٥ -١٦٧)

٤- تیـۆری بەشـداریی دیموکراسـیی تیـۆری بەشـداریی دیموکراسـیی میدیـا، هـەوڵ ئـەدات بـۆ رزگارکردنـی کەناڵەکانـی میدیـا لـە دەسـت قۆرخکاریـی سیاسـیی و حزبیـی و ئابووریـی، کـە بـە نـاوی دیموکراسـیی و لیبراڵیـی و ئازادییـەوە گرووپێکـی دیاریکـراو دەسـتیان بەسـەر کەنـاڵ و دامـەزراوە گرنـگ و قەبەکانـی میدیـادا گرتـووە، (دەنیـس ماکویـل) بیرمەنـدی بـواری زانسـتیی میدیایـی و خاوەنـی تیۆریـی بەشـداریی دیموکراسـیی، جەخـت لەسـەر ئـەوە ئەکاتـەوە بەشـداریی دیموکراسـیی، میدیـا لـە کۆنترۆڵـی هێـزە بـاڵا دەسـتەکان ئەپارێزێـت، کەخەسـڵەتەکانی بریتییـن لـە( کەناڵەکانـی میدیـا بۆخزمەتـی جەماوەربێـت، نـەك ئامـرازی دامـەزراوەی سـەرمایەداریی و گرووپێکـی دیاریکـراو بـن، دامـەزراوەی لاوەکیـی وکەمینـەکان مافـی ئەوەیـان هەیـە کەناڵـی میدیاییـان هەبیـت و ئەبێـت ئـەو مافەیـان بـۆ دەسـتەبەر بکرێـت، کەناڵـی میدیـای قەبـارە بچـووک باشـترە لـە کەناڵـی گـەورە و زەبـەلاح، نابێـت میدیـا بکەوێتـە ژێـر رکێفـی هێـزی بیرۆکراتیـی سیاسـیی

(شـاکر،٢٠١٥ : ٤٧).

٥- تیـۆری ڕاگەیاندنـی پەرەپێـدان : لـە ڕوانگـەی جیـاوزی بارودۆخـی جیهانـی تـازە پێگەشـتوو (جیهانـی سـێهەم ) کۆمەڵـگا دواکەوتـووەکان، کـە جیـاوازە لـە وڵاتـە پێشـکەووتوو و مۆدێرنـەکان (جیهانـی یەکـەم) لەناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم ئـەم زاراوەیـە دەرکـەوت، هەندیـك لـە بیرمەنـدان و شـارەزایانی بـواری مـاس میدیـا، پێیـان وابـوو ئەبێـت ئەرکـی میدیـا جیـاوازی هەبێـت لـە نێـوان وڵاتانـی تـازە پێگەشـتوو لەگـەڵ وڵاتانـی پێشـکەوتوو، هـەر بۆیـە تیـۆری پەرەپێـدان لەسـاڵی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەرکـەوت، جەوهـەری ئـەم تیـۆرە ئەوەیـە (میدیـا بخرێتەگـەڕ بـۆ گواسـتنەوەی کۆمەڵـگا لـە داب و نەرێـت و ڕەفتـاری دواکەوتـوو بـۆ داب و نەریـت و ڕەفتـاری پێیشـکەووتوی مۆدێـرن، لەسـەر بنەمـای بونیادنـان و پەرەپێدانـی سـەرجەم بـوارەکان (العبـد، ٢٠٠٧ : ٥٩) پوختـەی خەسـڵەتەکانی ئـەم تیۆرییـە بریتییـە لـە ( پێویسـتە کەناڵەکانـی میدیـا ئەرکـی پەرەپێـدان جێبەجـێ بکـەن کـە هاوکـۆک بێـت لەگـەڵ سیاسـەتی نیشـتمانیی، پێویسـتە ئازادیـی کەناڵەکانـی میدیـا بخرێتـە ژێـر ڕکێفـی هەندێـك پێشـکاریی پەرەپێـدان و پێداویسـتییە ئابوورییەکانـی کۆمەڵـگا، پێویسـتە لەسـەر کەناڵەکانـی میدیـا کار بـۆ ڕۆشـنبیریی نیشـتمانیی و زمانـی نەتەوەیـی بکـەن) (شـاکر، ٢٠١٥ : ٤٤)

بەشی سییەم (چوارچێوەی کرداریی)

یەکەم/ لایەنی چەندێتی:

لـەم بەشـەدا داتـا و ئامـاری کەنالەکانـی میدیـا خراوەتـەروو، لەرێگـەی دارشـتنی (٤) خشـتە شـیکاریی، کـە وەک فۆرمـی توێژینەوەکـە داریـژراوە و ژمـارەی کەنـاڵ وجـۆری خاوەندارێتییـی و سـنووری پەخـش و جـۆری تایبەتمەندێتیـی کەناڵەکانـی روونکردووەتـەوە.

خشتەی (١)

تایبەتە بە خستنەڕووی ژمارەی کەناڵ و دامەزراوە میدیاکانی هەرێمی کوردستان

| جۆری کەناڵ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانیی | ٢٢ | ٦.٩ |
| کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی | ١١٧ | ٣٦.٧ |
| ئێستگەی رادیۆیی | ١٧٤ | ٥٤.٥ |
| ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کاغەزیی | ٦ | ١.٩ |
| کۆ | ٣١٩ | ٪١٠٠ |

بـە گوێـرەی داتاکانـی ئـەم خشـتەیە، کـە لـە ( بەرێوەبەرایەتـی گشـتیی ڕاگەیانـدن و چـاپ و بڵاوکردنـەوەی هەرێمـی کوردسـتان) بەردەسـت کەوتـووە، بەشـێوەیەکی بەرچـاو و ناسرووشـتی ژمـارەی کەناڵەکانـی میدیـا لـە هەرێمـی کوردسـتان زیـاد بـوون، بـە جۆرێـک ( ٣١٩) کەناڵـی ڕادیۆیـی و تەلەفزیۆنیـی لەهەرێمـی کوردسـتان هەیـە، کـە لـە چـاو قەبـارەی دانێشـتوانی هەرێـم، هاوسـەنگی تیـادا نییـە و زۆر زیاتـرن لـە پێداوسـتی خزمەتگـوزاری میدیایـی، ئەمـە لـە کاتێکدایـە لـە وڵاتێکـی وەک کۆمـاری میـسر، کـە ژمـارەی دانیشـتوانی ١١٠ ملیـۆن کەسـە، تەنهـا ١٢٤ کەناڵـی تەلەفزیۆنیـی و ڕادیۆیـی بـە ناوخۆیـی و ئاسـمانیی هەیـە، هەروەهـا لەهەندێـک وڵاتانـی دەوروبـەر، کـە ژمـارەی دانیشـتوان و سـنووری جوگرافیاکەیـان

بە بەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستان تا رادەیەک هاوشێوەیە، ژمارەی دامەزراوە و کەناڵی میدیاییان زۆر کەمترە لە هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە لەوڵاتی ئەردەن ١٦ کەناڵی تەلەفزیۆنیی و٤٠ ئێستگەی رادیۆیی، لەگەل ٧ رۆژنامەی چاپکراوی رۆژانە هەیە، لە وڵاتی توونس ١٢ کەناڵی تەلەفزیۆنیی و ٢١ ئێستگەی رادیۆیی فەرمیی و تایبەت هەیە، لە سەڵتەنەتی عومان تەنها ٩ کەناڵی تەلەفزیۆنیی و ٩ ئێستگەی رادیۆیی، لەگەڵ ٢ رۆژنامەی رۆژانە هەیە، کەواتە ژمارەی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاترە لە چاو قەبارەی دانیشتوان و سنووری جوگرافیاییەکەی، سەرەڕای ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەهۆی زۆریی وناڕوونیی و نادیاریی خاوەندارێتییان، ژمارەی ماڵپەری ئەلکترۆنیی و میدیای نوێ ( new media) بەسامپڵ وەرنەگیراوە، چونکە لە ژماردن نایەن و زۆربەیان فاکتی میدیاییان تێدا نییە، ئەوە جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوە و دەستگای میدیایی تر، کە بە شێوەی نارێک و نارێکخراو هەن و دەیان دامەزراوەی ناتەواوی میدیایی دەبن و بە سەدان میدیاکار کاری تیادا ئەکەن، بە بێ ئەوەی شارەزاییان لە کاری میدیایی و نووسین و داڕشتنی هونەرەکانی رۆژنامەنووسیی هەبێت.

هەر بە پێی ئەم داتایە هاوسەنگی لە نێوان جۆری کەناڵەکاندا نییە، بۆ نموونە لە ١٣٩ کەناڵی تەلەفیزیۆنی تەنها ٢٢ کەناڵیان ئاسمانیین، کەرێژەی ٦٪ ی سەرجەم دامەزراوە و میدیاکان پێک ئەهێنێت و ١١٧ کەناڵی تەلەفیزۆنیان ناوخۆیین، کەزۆربەی جەماوەر نازانن هەن و لە ئامیرەکانییان خەزنییان نەکردوون، ئەوەش گرفتێکی سەرەکییە لە رووی چەندێتییەوە، کە لە هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی رەچاوی هاوسەنگیی جوگرافیی و ژمارەی جەماوەر کرابێت و ئاستی بەکارهێنانی جەماوەر بۆ کەنالەکان لەبەرچاو گیرابێت، ئەو ژمارە زۆرەی کەناڵی میدیایی هەبێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە پلان وستراتیژی گونجاو بۆ دامەزراندنی کەناڵی میدیایی نەگیراوەتەبەر، کەواتە بەهۆی نەبوونی یا پەیرەونەکردنی ستراتیژی تایبەت بە سیستەمی میدیایی، لایەنی پەیوەندیدار بە یاسا کاری بۆ رێکخستنەوەی دەستگا و ئامرازەکانی میدیا نەکردووە.

خشتەی (٢)

تایبەت بە سنووری پەخشی رادیۆ و کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆکان

| سنووری پارێزگاکان | تەلەفزیۆنی ناوخۆیی | ٪ | ئێستگەی رادیۆیی | ٪ | کۆ | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٨٠ | ٦٨،٤ | ٦٨ | 39,1 | ١٤٨ | ٥٠،٨ |
| سلێمانی | ٢٣ | ١٩،٧ | ٦٢ | 35,6 | ٨٥ | ٢٩،٢ |
| دهۆک | ٩ | ٧،٦ | ٢٨ | 16,9 | ٣٧ | ١٢،٧ |
| سەرتاسەری هەرێم | ٥ | ٤،٣ | ١٦ | 9,2 | ٢١ | ٧،٢ |
| کۆ | ١١٧ | ٪١٠٠ | ١٧٤ | ٪١٠٠ | ٢٩١ | ١٠٠ |

داتاکانی ئەم خشتەیە روونی ئەکاتەوە، زۆربەی زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنیی و رادیۆییە ناوخۆییەکان لە سنوورێکی بەرتەسک پەخشەکانیان بڵاو ئەکەنەوە، بەجۆرێک لە کۆی ١١٧ کەناڵی تەلەفزیۆنی زەمینیی، تەنها ٥ کەناڵی سەرتاسەری هەرێم هەیە، کە ئەکاتە ٤،٣٪ سەرجەم کەناڵە تەلەفزیۆنییە ناوخۆکان،کەواتە بەوپێیە٩٦،٧٪ ی تەلەفیزیۆنە زەمینییەکان سەرتاسەریی نین، بەڵکو پەخشەکانییان تا سنووری پارێزگا و قەزاکان بڕئەکات، سەبارەت بە پەخشی رادیۆکانیشلەکۆی ١٧٤رادیۆ تەنها ١٦رادیۆ پەخشەکانیان سەرتاسەریین، کە ئەکاتە ٩،٢ ٪ ی تێکرایی رادیۆکان، بەو پێیە٩١٪ ی سەرجەم رادیۆکانی هەرێمی کوردستان، پەخشەکانیان لەسنووری پارێزگاکان تێپەڕ ناکات، هەروەها

بەشێوەیەکی گشتیی لە کۆی تێکڕای کەناڵە ناوخۆییەکان تەنها ٧،٢٪ پەخشەکانییان سەرتاسەرییین و ٩٢،٨٪ رادیۆ و تەلەفیزۆنە ناوخۆکان پەخشەکانیان لە سنووری پارێزگاکانن، سەرباری ئەوەش لەو ژمارەیە ژمارەیەکی زۆرییان پەخشییان لە سنووری پارێزگاکانیش بەرتەسکتر بووەتەوە بۆ سنووری قەزاکان.

ئەم داتایانە دەری ئەخەن، کە لە هەرێمی کوردستان کەناڵی رادیۆی و تەلەفیزۆنیی ناوخۆیی، قەبارەکانییان ئەوەندە بچووکە، سیفات و رەگەزی دامەزراوەی میدیاییان تیدا نییە، ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ ناڕوونیی ئامانجی گشتیی و ستراتیژیی میدیایی، چونکە لە هەرێمی کوردستان، بێ ئەوەی بزانرێت ئامانجی گشتیی و ئەرکی دامەزراندنی کەناڵی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی چییە؟ ئەم هەموو ژمارە زۆرەی رادیۆ و تەلەفزیۆنانە بە شێوەیەکی نارێک و پێک و ناسیستماتیک دامەزرێنراون.

خشتەی (٣)

جۆری تایبەتمەندێتیی کەناڵەکان

| جۆری کەناڵ / جۆری تایبەتمەندێتیی | تەلەفزیۆن | | رادیۆ | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ | دووبارە | ٪ |
| هەمەرەنگ (گشتیی) | ٤١ | ٢٩،٤ | ٦٤ | 36,7 | ١٠٥ | ٣٣،٥ |
| هەواڵ و سیاسیی | ١٧ | ١٢،٢ | ١٠ | 5,7 | ٢٧ | ٨،٦ |
| هونەریی و کولتوریی | ١٦ | ١١،٥ | ٤ | 2,3 | ٢٠ | ٦،٤ |
| ئاینیی | ٩ | ٦،٤ | ١٦ | 9,2 | ٢٥ | ٧،٢ |
| منداڵان | ٦ | ٤،٣ | ٣ | 1,7 | ٩ | ٢،٩ |
| وەرزشیی | ١١ | ٧،٩ | ٤ | 2,3 | ١٥ | ٤،٨ |
| پەروەردەیی | ١٠ | ٧،١ | ٣ | 1,7 | ١٣ | ٤،٦ |
| هیتر | ٢٩ | ٢٠،٨ | 70 | 40,2 | ٩٩ | ٣١،٧ |
| کۆ | ١٣٩ | ٪٩٩ | 174 | ٪١٠٠ | ٣١٣ | ٪١٠٠ |

داتاکانی ئەم خشتەیە روونی ئەکاتەوە، کەناڵی (گشتیی و هەمەرەنگ) بە پلەی یەکەم دێت لەڕوویی تایبەتمەندییەوە، کە ئەگاتە رێژەی ٣٣،٥٪ ی تێکڕایی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکان، هەروەها بە پلەی دووەم (نەزانراو) دێت بە رێژەی ٣١،٧٪ ی سەرجەم تایبەتمەندییەکان، کە جیاناکرێنەوە کە چ کەناڵێک تایبەتمەندی تەواوە، یاخود گشتییە؟ بە جۆرێک هیچ سیمای تایبەتمەندییان پێوە دیار نییە، بە پلەی سێیەمیش کەناڵی (هەواڵیی و سیاسیی) دێت، کە ئەگاتە ٨،٦ سەرجەم کەنالەکان، کە زیاتر کەنالە ئاسمانییەکانن.

بە پێی ئەم دەرخستەیە، ناهاوسەنگییەکی زۆر هەیە لە نێوان جۆری تایبەتمەندییەکان، هاوکات جۆری تایبەتمەندیی (منداڵان) و (پەروەردەیی) بەکەمترین رێژە هاتووە، بەجۆرێک تایبەتمەندیی منداڵان بە رێژەی ٢،٩٪ و تایبەتمەندیی پەروەردەیی بە رێژەی ٤،٦٪ ی تایبەتمەندە جیاوازەکان پێک ئەهێنن. هەروەها کەناڵی تایبەتمەندیی سەربازیی و ئەمنیی و کەناڵی ئاراستەکراو و نێودەوڵەتیی و کەناڵی تایبەتمەندیی تەواوی (ئابووریی، خێزانیی، کۆمەڵایەتیی، کشتوکاڵیی، زانستیی) نیین، کە زۆر پێوستن ئەم کەناڵە تایبەتمەندانە لە کوردستان دا هەبن.

کەواتە بـە شـێوەیەکی ورد و زانسـتیی، بوونـی تایبەتمەندیـی میدیـا لـە نـاو ژینگـە و سیسـتەمی میدیـای کوردسـتان لەبەرچـاو نەگیـراوە، لـە کاتێکـدا ئەمـڕۆ بـواری  تایبەتمەندیـی میدیـا لـە زۆربـەی وڵاتـان هەیـە و دابەشـبووە بەسـەر بـوارە جیاجیـاکان، لـەوەش واوەتـر تایبەتمەندێتـی بـە جۆرێـک ورد بۆتـەوە، کـە لەنـاو میدیـای تایبەتمەنـد، تیابەتمەنـدی ناوتایبەتمەنـد(Specialty Within Specialty ) هەیـە و پەیـڕەو ئەکرێـت، بـەڵام تـا ئێسـتا لـە کوردسـتان ئـەم لایەنـە فەرامـۆش کـراوە وهـۆکاری سـەرەکیی ئـەم کێشـەیەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی دامـەزراوەی قەبـارە گـەورەی میدیـای نیشـتمانیی لەهەریمـی کوردسـتان، تـا بەگوێـرەی تایبەتمەندیـی جەمـاوەر لـە رووی و تەمـەن و پیشـەی جیاجیـا لـە لایـەک و لـە لایەکـی تـرەوە بەگوێـرەی تایبەتمەندیـی بـوارە جـۆراو جـۆرەکان، کەنـاڵ و ئامـرازی میدیـای تایبەتمەنـد دابمەزرێنێـت.

خشتەی (٤)

تایبەتە بە خاوەندارێتیی دامەزراوە و کەناڵەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان

| جۆری کەناڵ | تەلەفزیۆن | | رادیۆ | | رۆژنامەی رۆژانە | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆری خاوەندارێتیی | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ | دوبارە | ٪ |
| پارتی سیاسیی | ٣٠ | ٢١،٥ | ٥٤ | ٣١،١ | ٥ | ٨٣،٣ | ٨٩ | ٢٧،٩ |
| کەرتی تایبەت | ٦٨ | ٤٨،٩ | ١٩ | ١٠،٩ | ١ | ١٦،٧ | ٨٨ | ٢٧،٦ |
| کەسیی | ٢١ | ١٥،١ | ٦٤ | ٣٦،٨ | - | - | ٨٥ | ٢٦،٥ |
| رێکخراو | ١٥ | ١٠،٨ | ٢٦ | ١٤،٩ | - | - | ٤١ | ١٢،٩ |
| حکومیی | ٥ | ٣،٦ | ١١ | ٦،٣ | - | - | ١٦ | ٥،٣ |
| کۆ | ١٣٩ | ٪١٠٠ | ١٧٤ | ٪١٠٠ | ٦ | ٪١٠٠ | ٣١٩ | ٪١٠٠ |

بەپێـێ داتاکانـی ئـەم خشـتەیە خاوەندارێتییـی کەنالەکانـی میدیـا بـە پلـەی یەکـەم ئەگەڕێتـەوە بـۆ (پارتـە سیاسـییەکان) بەجۆرێـک رێـژەی ٢٧،٩٪ ی سـەرجەم خاوەنداریتییـەکان پێکدێنێـت و بەپلـەی دووەم خاوەندارێتیی(کەرتـی تایـەت) دێـت، کەئەگاتـە ٢٧،٦٪  و بەپلـەی سـێیەمیش خاوەندارێتـی (کەسـیی)بە رێـژەی ٢٦،٥٪ ی  سـەجەم خاوەنداریتییـەکان هاتـووە، هەروەهـا خاوەندارێتـی (حوکومیـی یـان فەرمیـی) بـە کەمتریـن رێـژەی خاوەندارێتیـی هاتـووە، کـە رێـژەی ٥،٣ ی سـەرجەم خاوەنداریتییـەکان پێـک ئەهێنێـت، ئـەوەش ئەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی دامـەزراوەی میدیـای نیشـتمانیی و کۆنترۆڵکردنی میدیا لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکان بـە هـەردوو جـۆری پارتـی دەسـەڵات و پارتـە ئۆپۆزسـیۆنەکان، لەلایەکـی تـرەوە نزیکایەتیـی زۆر هەیـە لـە نێـوان جـۆری خاوەندارێتیـی پارتـە سیاسـییەکان و خاوەندارێتیـی کەسـیی، ئـەوەش پەیوەندیـی بەوەهەیـە، زۆربەی ئـەو کەسـانەی خاوەنـی کەناڵـی میدیـان نزیکـن لـە لـە پارتـە سیاسـییەکان، یاخـود کەسـانی لێپـرسراو و دەسـەڵاتدارن و بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی خۆیـان کەناڵـی میدییـان دامەزرانـدووە.

## دووەم لایەنی / چۆنێتی (شیکاریی)

١- کێشەی نارۆشنیی سیستەمی میدیایی:

بە پێی دەرەنجامی لایەنی چەندێتیی توێژینەوەکە، دەرئەکەوێت سیستەمی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، تەم و مژاوییە و بە رێژەیەکی زۆر ئالۆزە، بەجۆرێک کە پراکتیزە نابێت بەسەر هییچ کام لە نموونەکانی سیستەمی میدیایی (دەسەڵاتگەرایی، ئازادیی، لێپرسراوێتیی کۆمەڵایەتیی) چونکە لە لایەکەوە ئازادیی دراوە بە کەرتی تایبەت و کەس و رێکخراو و لایەنە سیاییەکان کەناڵی میدیایی دابمەزرێنن و لەلایەکی ترەوە پارتە سیاسییەکان، لەگەڵ کەسانی نزیک لە دەسەڵات کۆنترۆڵی گۆرەپانی میدییان کردووە، کە ئەم هاوکێشەیە بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم بونیانانی سیستەمێکی رێکوپێکی میدییای و سیمادیار و رۆشن، بەواتەیەکی تر لەهەرێمی کوردستان، تاکئاراستەیی میدیا پەیرەو ناکرێت، وەک ئەوەی لە وڵاتە دکتاتۆر و شۆفینییەکان و یەکێتی سۆفیەتی پێشوو، پەیرەو ئەکرا و پێیّ ئەوترا مۆدێلی سیستەمی (دەسەڵاتگەرایی) چونکە ماف دراوە بە هاوڵاتی بەشداری لە پرۆسەی گەیاندن دا بکات، هەم لە رێگای ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەریی زانیاریی پێ بگات، هەم مافی ئەوەی هەبێت ببێتە خاوەن کەناڵ و زانیاریی ببەخشێت، هەروەک (جان دارسی) هەندێ هێڵی مافی گەیاندنی دارشتووە، کاتێک دەڵێت :مرۆڤ دەبێت مافی فێربوونی پێ بدرێت و لە هەمان کاتدا مافی فێرکردنیشی هەبێت، هەروەها وەک چۆن مافی گوێگرتنی هەیە، ئەبێت مافی ئەوەشی هەبێت گوێی لێ بگیرێت، کەواتە سەرەرای ئەوەی ئەم مافی بەشدارییکردنە لە کوردستان بۆ هاوڵاتیان و پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی رەخسیووە، کە بەشداریی لە پرۆسەی گەیاندن بکەن و ببنە خاوەنی کەناڵی گەیاندنی جەماوەریی، بەو پێیە بێت سیستەمی تاکرەویی پەیرەو ناکرێت، بەڵام لە بەرامبەریشدا دیمەنی میدیا لە هەرێمی کوردستان، بە سیستەمی (لیبراڵیی) دانانرێت، چونکە سەرەرای ئازادیی لە دەرکردنی رۆژنامە و چاپەمەنیی و کەناڵی تەلەفزیۆنیی و رادیۆیی، کێشە و کەموکورتی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی لە سیستەمی لیبراڵی دا، دامەزراوە میدیاییەکان زیاتر سەر بە کۆمپانییا و کەرتی تایبەتن و بەگوێرەی یاسا و ئیتیکی میدیایی و بە ئامانجی قازانجکردن، خزمەتگوزاریی میدیایی پێشکەش بە جەماوەر ئەکەن، واتە هەم قازانج ئەکەن و هەم ئەرکەکانی میدییا رایی ئەکەن، بە جۆرێک لەپاڵ قازانجکردنییان، رەچاوی بەرژەوەندی گشتیی جەماوەرییش ئەکەن، وەک ئەوەی لە وڵاتە دیموکراسییەکانی رۆژاوا پەیرەو ئەکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان زیاتر لایەنی سیاسیی و کەسان و خیزانی سیاسیی سوودیان لە ئازادیی دامەزراندنی کەناڵی میدیایی وەرگرتووە و بوون بە خاوەنی دەستگای میدیای .

لەلایەکی ترەوە دیمەنی میدیایی لە هەرێمی کوردستان، دوورە لە پەیرەوکردنی نموونەی (لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیی) چونکە دامەزراوەکانی میدیا لە پێناو ئامانجی سیاسیی و ئایینیی و رق و کینەی ململانێ سیاسییەکان، پابەندن نیین بە لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتیی و پاراستنی یەکریزی نیشتمانیی، بەو هۆیەشەوە گوتاری نەتەوەیی کۆمەڵی کوردستانیان شێواندوە و پەرتەوازەیان کردووە، ئەمەجگە لەوەی زیانی گەیاندووە بە ئاسایشیی رۆشنبیریی و کلتوریی و کۆمەڵایەتیی، بەهۆی ئەوەی زۆربەی کەناڵەکان لە پێناو قازانج و دەسکەوت، دراما و بابەتی هونەریی بێگانەی بێ ناوەرۆک پەخش دەکەن و بەرهەمهێنانی بابەتی کلتوریی و هونەریی نەتەوەیی و نیشتمانییان فەرامۆش کردووە .

٢- کێشەی خاوەندارێتیی .

بەشێوەیەکی گشتیی خاوەنداریتی میدیا لە کوردستان، دابەش ئەبێت بەسەر ئەم چەشنانە؛

١-میدیای پارتە سیاسییەکان.

٢- میدیای کەسیی.

٣-میدیای کەرتی تایبەت.

ئـەم جـۆرە خاوەندارێتییانـە، پشـکی زۆری دامەزراوەکانـی میدیایـی هەرێـم پێـک ئەهێنـن، بـە جۆرێـک میدیـای پارتـە سیاسـییەکان و میدیـای کەسـیی، کـە زۆربەیـان کەسـانی سیاسـیی نزیـک لـە پارتـە سیاسـییەکانن، ٥٥٪ ی تێکڕایـی خاوەندارێتییـەکان پێـک ئەهێنـن، هەرچـی میدیـای کەرتـی تایبەتیشـە میدیـای قەبـارە بچوکـن ونەیانتوانیـوە خزمەتگوزارییـە میدیاییـەکان بەرێکوپێکـی و بابەتیـی بگەیەننـە جەمـاوەر، کـە ٢٧٪ خاوەنداریتیـی میدیـا پێـک ئەهێنـن و زیاتـر لـە رادیـۆی و کەناڵـی تەلەفزیۆنـی زەمینیـی ناوخیـی پێکدێـن و سـفاتی دامەزراوەییـان تیدانییـە، لەبەرامبـەردا میدیـای فەرمیـی تەنهـا ٥٪ ی خاوەندارێتییـی میدیـا پێـک ئەهێنیـت، کـە ژمارەیـەک کەناڵـی لاوازی لۆکاڵیـن وەک رادیـۆ و تەلەفزیۆنـی هەندێـک زانکـۆ و پەروەردەیـی، ئـەم دەرخسـتەیە روونـی ئەکاتـەوە لـە هەرێمـی کوردسـتان دامـەزراوەی میدیـای نیشـتمانیی نییـە، کـە خاوەنداریتییەکـەی بـۆ لایەنـی فەرمیـی بگەرێتـەوە و بـە شـێوەیەکی سیسـتماتیک و پیشـەییانە خزمەتگوزاریـی میدیایـی و رۆشـنبیریی بـۆ جەمـاوەر دابیـن بـکات.

لەلایەکـی تـرەوە چۆنێتـی خاوەندارێتیـی میدیـا لـە هەریـم، کاریگـەری کردۆتـە سـەر ناوەرۆکـی بابەتـە میدیاکانیـش، کـە بەهـۆی ململانـێ و کێبڕکـی لایەنـە سیاسـییەکان، ئـەو جـۆرە میدیایانـە بـۆ جەنگـی دەروونیـی نێوانیـان بەگەڕئەخرێـن و ئەبـن بـە بەشـێک لـە بەرهەمهێنانـی توندوتیژیـی سیاسـیی، لەبـری ئـەوەی بـن بـە بەرهەمهێنانـی گوتارێکـی یەکگرتـووی نیشـتمانیی بـۆ بەهێزکردنـی پێگـەی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی و رۆشـنبیریی هەرێمـی کوردسـتان.

بـە پوختیـی میدیـای هەرێـم لـە بـری ئـەوەی ببێتـە پـرۆژەی نیشـتمانیی بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتیی، بـووە بـە پـرۆژژەی حزبیـی و ئایدۆلۆژیـی بەرتەسـک و بەرژەوەنـدی کەسـیی.

٣-کێشەی نەبوونی ستراتیژ و ئامانجی گشتیی لە دامەزراندنی کەناڵی میدیایی.

زۆری ژمـارەی کەناڵـەکان و بچووکیـی قەبارەکانیـان، ئامـاژەن بـۆ نەبوونـی سـتراتیژی گشـتیی میدیایـی و ئامانجـی بـاڵا، ئەمـەش زیاتـر لـە ئەرکەکانـی میدیـا رەنگدەداتـەوە، چونکـە بـەو هۆیـەوە زۆربـەی زۆری کەنالـەکان رەچـاوی ئەرکـی میدییـان نەکـردووە و زیاتـر هـۆکاری ریـکلام و ئـاگاداری بازرگانیـی و رەواجـی سیاسـیی و بەرژەوەنـدی کەسـیی، لـە پشـت دامەزراندنـی ئامرازەکانـی میدیـاوەن، نـەک لەبـەر رۆشـنایی بەرمەبنـای دارشـتنی سیاسـەت و سـتراتیژی بـاڵای میدیایـی، سـتراتیژی میدیـا لـە روویەکـەوە بەشـێکە لـە پلانـی سیاسـیی و ئابووریـی و کۆمەڵایەتـی، لەلایەکـی تریشـەوە بەشـێکە لـە پلاندانانـی گشـتیی دەوڵـەت، بـەو پێیـە ئەگـەر دەوڵـەت خاوەنـی میدیـای فەرمییـش نەبـن، لەسـەر شـانییانە سـتراتیژی میدیاییـان هەبێـت بـۆ رێکخسـتنەوەی کاروباریـی میدیایـی، کەواتـە لـە هەرێمـی کوردسـتان دامـەزراوەی بـاڵای سیاسـەتی گشـتیی وەک پەرلەمـان و حوکومـەت، رۆڵیـان نەگێـڕاوە بـۆ دارشـتنی ئـەو سـتراتیژە، لەلایەکـی تـرەوە پێوسـتە کارگێڕیـی بـاڵای دامـەزراوە میدیاکانیـش سـتراتیژ و ئامانجـی گشـتیی میدییـان هەبێـت بـۆ بەرێوەبردنـی کەنالەکانییـان، کـە ئـەم حاڵەتـەش لـەلای خاوەندارێتیـی و کارگێریـی کەناڵـە میدیاییـەکان بـەدی ناکرێـت و بۆتـە گرفتێکـی سـەرەکیی، ئەمـەش لـە میانـی پلاندانانـی گشـتیی میدیایـی بەرجەسـتە دەبێـت، لـەم روانگەیـەوە وا پێناسـەی پلاندانانـی میدیـا ئەکرێـت بریتیـە لـە( تەکبیرکـردن بـۆ سـوود وەرگرتـن لـە توانـا و وزە و ئـەو پێداویسـتیانەی لـە بەردەسـتدان، بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجێکـی روون و ئاشـکرای دیاریکـراوی داهاتـوو، لەچـوار چێـوەی سیاسـەتی میدیایـی دەستنیشـانکراو، لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی نەخشـەیەکی راگەیاندنـی کامـڵ، کـە بەشـێوەیەکی کارلێـك و کاریگـەر جێبەجـێ بکرێت)بەپێـی ئـەم پێناسـەیە بێـت، ئەبێـت پلاندانانـی میدیایـی ئـەم ڕەگەزانـەی تێـدا بێـت:-

١- توانا و هێزی میدیایی.

٢- ئامانجی ڕوون و ئاشکرای داهاتوو.

٣- سیاسەتێکی میدیایی دیاریکراو.

٤- نەخشە و پلانی میدیایی کامڵ.

٥- دەستگایەکی بەڕێوەبردنی تۆکمە، کە توانای جێبەجێکردنی پلانەکەی هەبێت.

کەواتـە بـەدەر لـەم ڕەگەزانـە درووسـتبوونی یـا دامەزراندنـی کەناڵـی میدیایـی، بـە ناتـەواو و ناکامـڵ دا ئەنرێـت، وەک ئـەوەی لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەدی ئەکرێـت، چونکـە زۆربـەی کەناڵـەکان، بەبـێ بوونـی سـتراتیژێکی دیاریکـراو یاخـود ئامانجێکـی دەستنیشـانکراو دامـەزراون، سـەرباری ئـەوەی توانـای مرۆیـی و تەکنیکـی بەهێزییـان نییـە، ئـەوەش ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر خزمەتگوازرییـە میدیاییـەکان و ناوەرۆکـی بابەتـە میدیـاکان درووسـتکردووە.

## دەرەنجام

١- لەهەرێمـی کوردسـتان ژمارەیەکـی یەکجـار زۆر کەناڵـی میدیایـی هەیـە، کـە زۆر زیاتـرە لـە چـاو ژمـارەی دانیشـتوان و پێداوسـتییەکانی پێشکەشـکردنی خزمەتگوزاریـی میدیایـی. ئـەوەش بـۆ ئـەوە دەگەرێتـەوە لـە پشـت دامەزراندنـی دەسـتگا و ئامـرازی میدیایـی، ڕەچـاوی پـلان و سـتراتیژ و ئەرکەکانـی میدیـا نەکـراوە.

٢- خاوەندارێتیـی کەناڵـە میدیاییـەکان بەپلـەی یەکـەم ئەگەرێتـەوە بـۆ پارتـە سیاسـییەکان، بـە پارتـی دەسـەڵات و پارتـە ئۆپۆزسـیۆنەکانەوە، بەجۆرێـک ٢٧.٩٪ سـەرجەم خاوەندارێتییـەکان پێـک ئەهێنێـت، کـە دامـەزرواەی میدیاییـە قەبـارە گەورەکانـن، بـە دوایـدا خاوەندارێتیـی کەرتـی تایبـەت دێـت کـە ئەگاتـە رێـژەی ٢٧،٦٪ی خاوەندارێتییـەکان، بـەڵام کەناڵەکانییـان دامـەزراوەی تۆکمـە و قەبـارە گەورەنییـن، هەروەهـا بەپلـەی سـێیەم خاوەندارێتیـی (کەسـیی) دێـت، کـە ئەگاتـە ڕێـژەی ٢٦٠٦٪ ی تێکڕای خاوەندارێتییـەکان، کـە ئەوانیـش کەسـی سیاسـیی دەسـەڵاتدارن و ژمارەیەکـی کەمیشـیان ئۆپۆزسـیۆنن، لـە بەرامبـەردا خاوەندارێتیـی فەرمیـی نیشـتمانیی بـە کەمتریـن ڕێـژەی خاوەندارێتیـی دێـت، کـە تەنهـا ٥.٣٪ خاوەندارێتییـەکان پێـک ئەهێنێـت. ئـەوەش ڕەنگیداوەتـەوە لـە سـەر گوتاریـی میدیایـی کوردسـتانیی، کـە بـەو هۆیـەوە میدیـا ئاشـتیی ئەهلیـی و ئاسایشـی کۆمەڵایەتیـی تێکـداوە و بۆتـە بەشـێک لـە بەرهەمهێنانـی گوتـاری ڕق و کینـە و توندوتیژیـی سیاسـیی.

٣- زۆربـەی کەنـاڵ و دامەزراوەکانـی میدیـای هەرێمـی کوردسـتان قەبارەیـان بچووکـن و لـە ڕووی کارگێڕییـەوە، سـیفات و ڕەگەزەکانـی دامەزراوەیـان تێـدا نییـە، ئـەوەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی بـە باشـیی و پرۆفیشـناڵیی و پیشـەیی پەیامەکانییـان نەگەیەنـن.

٤- سیسـتەمی میدیایـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، ناڕۆشـن و نادیـارە و بەسـەر هیچـکام لـە نموونـە و مۆدێلەکانـی جیهـان پراکتیـزە نابێـت، ئـەوەش بۆتـە هـۆی درووسـتبوونی گرفتێکـی وا، بەجۆرێـک دووچـاری قەیـران بۆتـەوە و پێوسـتیی بـە پێداچوونـەوە و سـەرلەنوێ بوونیادنانـەوە هەیـە.

٥- لـە ڕووی تایبەتمەندییـەوە زۆربـەی میدیاکانـی هەرێمـی کوردسـتان، میدیایـی گشـتیی و هەمەڕەنگـن و ژمارەیەکیشـیان میدیـای هـەواڵ و سیاسـیی گشـتیین، ژمارەیەکـی کەمـی میدیـای تایبەتمەنـدی بوارەجیاجیـاکان هەیـە، واتـە کەناڵـی میدیایـی تایبەتمەنـد لـە هەرێمـی کوردسـتان کامـڵ و پیشـەیی نییـن.

٥- لەهەرێمـی کوردسـتان هیـچ کەناڵێکـی تایبەتمەنـدی ئارسـتەکراو بەزمانـی بێگانـە نییـە، کـە گوتـاری کوردسـتانیی

بگوازیتـەوە بـۆ نەتەوەکانـی تـر، تاکـو لـە بـاری سیاسـیی و کلتوریـی نەتـەوەی کوردسـتان بگـەن و لـە چوارچێـوەی هێـزی نـەرم بەگەڕبخرێـن.

## راسپاردەکان

١- پێوسـتە لەسـەر حوکومـەت و پەرلەمـان بـە هاوبەشـیی و بـە پێـی پـرۆژە یاسـایەک، بارودۆخـی میدیایـی لـە هەرێـم ڕێکبخەنـەوە و سـنوورێک بـۆ هەڵاوسـانی ژمـارەی دەسـتگاو دامـەزراوە میدیاییـەکان دابنێـن و بـە رەچاوکردنـی ئـازادی گەیانـدن، چەنـد مەرجێـک بـۆ دامەزراندنـی کەناڵـی میدیایـی دابنێـن، وەک (ئاسـتی قەبـارە و توانـای مرۆیـی و پێشـەیی و بوونـی رەگەزەکانـی دامەزراوەیـی)

٢- هـەوڵ بدرێـت دامـەزراوەی میدیایـی قەبارەگـەورە، جێگـەی دامـەزراوەی میدیایـی قەبارەبچـوک بگرێتـەوە، تاوەکـو بـە پێـی پیشـەیی و بابەتیبـوون خزمەتگوزاریـی میدیایـی پێشـکەش بـە جەمـاوەر بکـەن.

٣- پێویسـتە لایەنـی فەرمیـی هەرێـم، لـە چوارچێـوەی میدیـای تایبەتمەنـد، دامەزراوەیەکـی میدیایـی بەرفراوانـی نیشـتمانیی دابمەزرێنیـت، بـەو مەرجـەی کۆنترۆڵـی ئـازادی رادەربریـن و ئـازادی گەیانـدن نـەکات.

٤- پێوسـتە لەسـەر ئـەو کـەس و لایەنانـەی خاوەندارێتیـی کەنـاڵ و دامـەزراوەی میدیایـی ئەکـەن، بزانـن ئەرکـی میدیـا چییـە و لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئامانجـی گشـتیی دیـاری بکـەن بـۆ دامەزراندنـی کەناڵـی میدیایـی، دواتـر بـە گوێـرەی پـلان و سـتراتیژیی دورمـەودا کاری بـۆ بکـەن، نـەک وەک ئـەوەی ئێسـتا هەیـە، بەبـێ ئـەوەی بزاندرێـت ئـەرک و ئامانجـی گشـتیی چییـە، ئـەم ژمـارە زۆرە ناپێوسـتەی میدیـا لـە هەرێـم هـەن.

٥- پێوسـتە کار بەبنەمـا فەلسـەفییەکانی تیـۆری (لیبرالیـی، لێپرسراوێتـی کۆمەڵایەتیـی، پەرەپێـدان) بکرێـت بـۆ رێکخسـتنەوە و پێداچوونـەوە بـەکاری میدیایـی و بونیادنانـی ژینگـە و سیسـتەمێکی نوێـی میدیایـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە پینـاو پاراسـتنی کۆمەڵـگا لـە کاریگەرییـە نێگەتیفەکانـی پەیامـی میدیایـی.

ملخص البحث

يعـد هـذا البحـث مـن البحـوث الوصفيـة، الـذي وصـف البيئـة الاعلاميـة في اقليـم كردسـتان العـراق، ولقـد اوضـح البحـث ان القنـوات التلفزيونيـة و الاذاعيـة تزايـدت بشـكل واسـع و غيـر الطبيعـي في سـنوات الاخيـرة، التـي وصلـت الـى اكثر مـن ٣٠٠ قنـوات، و مـن تلـك القنـوات تكـون نسـبة ٩٣٪ منهـا قنـوات المحليـة تتـم تغطيتهـا في منطقـة جغرافيـة ضيقـة، وفي المقابـل يوجـد فقـط نسـبة ٧٪ مـن قنـوات تغطيتهـا تشـمل نطـاق واسـع فـى كل انحـاء اقليـم. كـما أظهـر البحـث ان ملكيـة تلـك القنـوات تعـود الـى الاحـزاب و الاشـخاض السياسـيين المقربيـن مـن الاحـزاب بنسـة ٥٥٪ وفي المقابـل فقـط نسـبة ٥٪ مـن جميـع القنـوات و المؤسسـات الاعلاميـة تعـود ملكيتهـا الـى الحكومـة و الجهـات الرسـمية، وأكـثر القنـوات بسـبب صغـر حجمهـا تتأثـر سـلبا علـى تقديـم الخدمـات الاعلاميـة، و مـن جانـب اخـر لم تتطبـق النظـام الاعلامـي في اقليـم كردسـتان علـى النظـم الاعلامـي السـائد في العـالم بـأي شـكل، لانـه حتـى الان لم توضـح بـأن الاعـلام في اقليـم كردسـتان تتبـع نظـام الاعلامـى السـلطوي أو نظـام الحريـة ، ولم تراعـي نظـام المسـؤلية الاجتماعيّـة. كل هـذه اصبحـت مشـكلة في بنيـة البيئـة الاعلاميـة لأقليـم كردسـتان، و تلـك المشـاكل تحتـاج الـى معالجـة دقيقـة واعادتهـا مـن جديـد.

## abstract

This study is one of the descriptive studies, Which described the media environment in the Kurdistan

Region of Iraq, The study showed that television and radio channels have increased widely and abnormally in recent years. Which reached more than ٣٠٠ channels, and these channels, ٩٣٪ are local and are covered in narrow geographical areas. In contrast, only ٧٪ of the channels are widely covered. The study showed that the ownership of these channels belongs to parties and political persons close to the parties by ٥٥٪, and in return only ٥٪ belong to the government and official bodies.

On the other hand Most channels due to their small sizes, are negatively affected by the provision of media services. At the same time , The media system in the Kurdistan Region has not been applied to the prevailing media system in the world.

So far, it has not been clarified that the media of the Kurdistan region follows the authoritarian media system or the freedom system, and has not taken into account the system of social responsibility.

All these have become a problem in the structure of the media environment of the Kurdistan Region and need to be carefully addressed and re-restored.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوەکان زمانی عەرەبیی

### الدراسات :

١- الحمامي، الصادق الحمامي، دراسة الميديا في السياق الانتقالي : الميديا التونسية نموذجا، دراسة في المؤتمر كلية الاعلام ، الجامعة اللبنانية، منشورة في مركز دراسات الوحدة العربية،٢٠١٧.

٢- جابر، راغب جابر، الصحافة المطبوعة في البنان من مشروع الوطنى الى المشارع الفئوية، دراسة في المؤتمر كلية الاعلام ، الجامعة اللبنانية، منشورة في مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠١٧ .

٣- الشريف، سامي الشريف، الشهد الاعلامي المصري بعد الثورتيين، دراسة في المؤتمر كلية الاعلام، الجامعة اللبنانية، منشورة في مركز دراسات الوحدة العربية.

ب – الكتب :

١- أبوزيد، فاروق أبوزيد، انهاير النظام الاعلام الدولي، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩١ .

٢- أبوزيد، فاروق أبوزيد، الاعلام و السلطة : اعلام السلطة و سلطة الاعلام، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٧ .

٣-العبد، عاطف العبد، نظريات الاعلام و الرأي العام، دار الفكر العربي، القاهرة ، ٢٠٠٢ .

٤- العبد، عاطف العبد، الاعلام التنموي و التغير الاجتماعي، دار الفكر العربي، ٢٠٠٧ .

٥- شاكر، عطا الله شاكر، ادارة المؤسسات الاعلامية، دار اسامة للنشر و التوزيع، عمان،٢٠١٥ .

٦- مشارقة، تيسير مشارقة، مدخل الى الدراسات الاعلامية، منشورات بيت المقدس، رام الله –فلسطين، ٢٠٠٢ .

٧-ريتش و كوزمان، كارولا ريتش و كلاوديما كوزمان، نظم وسائل الاعلام العربية، ت: دعاء نبيل سيد امبابي، مركز دراسات الوحدة العربية، ٢٠٢٢ .

٨- علم الدين، محمود علم الدين، اساسيات الصحافة في القرن الحادي و العشرين، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٨ .

٩- يوسف، حنان يوسف، الاعلام و السياسة ، اطلس للنشر و الاعلام ، القاهرة ، ٢٠٠٦ .
دووەم سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی
- ١- McQuail, Dennis McQuail, Mass Commnunication Theory, London Sage, ٢٠١٠.
٢- - Downing, John Downing, Internationalizing Media Theory , Power, Culture , Reflections on Media in Russia, London Sage , ١٩٩٦.